# جۆن ستیوارت میل و داکۆکیکردن لە ئازادی


مەهدی عینایەت

لە فارسییەوە: سامالّ عەزیز



گۆڤارێکی فکرییە دوومانگ جارێک دەردەچێت

ژمارە (٣٧)

شوباتی ٢٠١٣ ساڵی هەشتەم




**باکگراوندی ژیانی**

میل فەیلەسوفێکی بەناوبانگی ئینگلیزی بوو، لە ساڵی (١٨٠٦) لە لەندەن هاتوەتە دونیاوە، باوکی «جیمز میل» لە نوسەران و رەخنەگرانی ناسراوی سەردەمی خۆی بوو، و لە ئەنستیتۆی توێژینەوەی هیند و بەریتانیا کارێکی پر دەردەسەری هەبوو. پەروەردە و دەستەبەری بژێوی ژیانی حەوت کەس، کارەکەی هێندەی تر قورستر کرد، کە دەرفەت و کاتی بەتالی لێ زەوتدەکرد. وێرای ئەوەش هەردوو بەرپرسیارێتییەکەی تۆسقالێ دووچاری سیستی و درێغی نەدەکرد لە چاودێری و پەروەردەکردنی نەوەکانی، بە تایبەت کورە گەورەکەی «ستیوارت میل»، جیمز میل هێندە بروای بە قوتابخانە نەبوو، چونکە باوکی نەیناردبووە قوتابخانە و خۆی پەروەردەی کردبوو.(١) هەوڵ و کۆششی ئەو لەم چوارچێوەیەدا بە لوتکەی گەیاند و ئەوی بە تەواوی لە هەموو روویەکەوە کامڵ کرد.

لە تەمەنی سێ ساڵیدا ستیوارت میل خەرکی فێربوونی زمانی یۆنانی بوو. لە حەوت ساڵیدا بەرهەمەکانی سۆکرات و پلاتۆنی دەخوێندەوە و لە هەشت ساڵیدا روویکردە فێربوونی زمانی لاتینی. بەیانیان لەگەڵ باوکی لە باخەکەیاندا پیاسەی دەکرد و ئەو بابەتانەی شەوی پێشووتر فێری ببوو، بە میتۆدێکی سۆکراتیانە باسیدەکرد، بەلام بە رواڵەت لەگەڵ باوکی هاودەم و هاودەنگ نەبوو. لە شانزە ساڵیدا دەستیکرد بە نوسینی وتارگەلێکی رەخنەیی و لە هەمانکاتدا لە ژێر کاریگەری باوکی لە مەسەلەی سیاسی و ئابوری داکۆکی لەو تیۆرانەی دەکرد. کاریگەری ئەم تیۆرانە لە سالانی دواتر و کاتی هەرزەکاری و پێگەیشتنیدا کاریگەری هەبوو، لە بنەرەتدا دەتوانرێ هەندێ لەم کاریگەرییانە لە بەرهەمەکانی ستیوارت میل بدۆزرێتەوە.

لە بیست ساڵیدا بە هۆی زۆری کارکردن و خوێندنەوە توشی هیلاکبوونی مێشك هات، بەلام بە تێپەربوونی کات بە هۆی خۆ سەرقالکردنی بە شیعر و مۆسیقا توانی لایەنی رۆحی و فیکری خۆی بە دەست بهێنێتەوە وبوارە فیکرییەکانی خۆی لە پێشتر زیاتر بە جدی وەربگرێ. لە راستیدا هەر لە هەمانکاتدا بوو، کە کەم کەم دلیشی وەك مێشکی پێویستی بە پەروەردە هەبوو و مرۆڤێکی وەك ئەو تەنها ناتوانرێ خەریکی پەروەردەکردنی وشك و برینگ و بێ رۆح بێت.

لە تەمەنی شەست ساڵی وەك نوێنەری خەڵك چووە پەرلەمان، بەلام لەبەرئەوەی کە مرۆڤێکی بیرئازاد و ئازادیخواز بوو، سەربەخۆییە خۆی پاراست و لە ژێر کاریگەری هیچ دەستەیەکدا نەبوو، بەم شێوەیە زۆری نەخایاند وازی لە نوێنەرایەتی هێنا. هەموو هەوڵەکانی ئەو لەپێناوی خۆشگوزەرانی کۆمەڵگەدا بوو، بەتایبەت پێکەوە ژیانی کرێکاران و ئەم فیکرە ئازادیخوزانەیە، ئەوی لە پێگە و پلەیەکی بالا دانا لە نێو فەیلەسوفە ئینگلیزییەکان و بۆچوونە سەرەکییەکەی ئەمەبوو کە «فشار و ئەو گوشارەی کە لە تێبینی و چاودێری رای گشتی دێتە سەر بیرئازادەکان، زۆرجار سەخترە لە ستەمکاری حکومەت.»(٢)

ئەزمونگەرایی

سەردەمی میل بروابوون بە ئەزمون بوو، هەروەها خەریك بوو ئەم رەوتە بە لوتکەی خۆی دەگەیشت، هێدی هێدی بیرمەندانی ئەوروپا بەو ئەنجامە گەیشتبوون، کە بنەچە و بنەرەتی زانستی مرۆیی «ئەزمونە»، واتە مرۆڤ تەنها بە سود وەرگرتن لەم فاکتەرە دەتوانن پەی بە زانست و بەرهەمهاتووە مەعریفییەکان ببەن. کۆڵەکەکانی ئەم بروایە فرانسیس بیکۆن لە چاخی شانزە جێگیری کردبوو و جۆن لۆك لە چاخی حەڤدە و «هیوم» لە چاخی هەژدە دوا شێوە و ناوەرۆکیان پێدابوو، بەلام جۆن ستیوارت میل بە توێژینەوە و بەدواداچونەکانی خۆی مسداقیەت و رەسەنایەتی ئەم کاتیگۆریەی بە کۆتا گەیاند. یەکەمین بەرهەمی گرنگی میل کتێبێکە بە ناوی «دەزگای لۆژیك» کە لە ساڵی (١٨٤٣) بلاویکردەوە و بە بروای بیرمەندەکان ئەم کتێبە لە دوای کتێبی لۆژیکی ئەرستۆتلیس کە باوکی ئەم زانستەیە، کتێبێکی لەم چەشنە لە بارەی لۆژیك بلاو نەبوەتەوە.(٣)

میل دەیوت نەك تەنها «هەست» ئامرازی دەرککردنی

شته لاوەکییەکانە، بەڵکو زانستیش بە کەڵکی تێگەیشتن لە گشتێتی کاری عەقڵ دێت. «ئەوەی بە دەرککردنی گشتی لە قەڵەم دەدرێ، شتێك نییە جگە لە کۆکردنەوە و تێکەڵاوکردنی زانیارییە لاوەکییەکان، کە یادەوەری و خەیاڵ لە زیهندا دەمێنێتەوە و هێزە خەیاڵکردنەوەکانی پێکەوە کۆ و تێکەڵاو دەکات. ئەم کۆکردنەوە و تێکەڵاوکردنە بە گوێرەی ڕێساکانی ئەو کردەیەی زیهن شێوە دەگرێ، کە ئێمە بە «تێهەڵکێشانی مانا» ناودێری دەکەین. تێهەڵکێشانی ماناش لەسەر دوو ڕێسا جێگیرە، یەکەم بەراورد و پرس و جۆیە، و دووەمیان ڕێسای هاوشێوەسازییە.(٤)

هێز لە بەرامبەر زانست و مەعریفەدا

«میل» لە زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکاندا لەگەڵ ئۆگۆست گۆنت هاورایە و بۆچوونەکەشی ئەمەیە کە «زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان بە بەکارهێنانی میتۆدی وردی زانستی دەتوانێ ڕۆژێ بگاتە ئەو پێشکەوتنانەی کە زانستە سروشتییەکان پێیگەیشتوون»(٥) بەڵام لە فەلسەفەی ئەخلاقی، هاوپێگەی میل فەیلەسوفێکی ئینگلیزی هەیە بە ناو جێرمی بێنتام، واتە وەك ئەو بنەما خراپەی هەموو شتێ لە بەرامبەر شادی و ئازار و غەم دەزانێ، کە لەو شتەوە دێتە دەستمان. تەنها جیاوازی میل و بێنتام لەمەدایە کە بێنتام لە خۆشییەکان لە رووی چۆنایەتییەوە وەك یەك وەسفدەکات، بەڵام میل پێیوایە کە خۆشییەکان لە رووی چۆنایەتییەوە لەگەڵ یەك یەکسان نین، هەندێ جار بالاترن، و هەندێ جاریتر خوارتر، ئەو خۆشیپانەی کە بەرهەمی هەستن و بە شێوەی هاوبەشی ئاژەڵ دێنە هەژماردن، خوارتر لە خۆشییەکان بەرهەمی عەقڵ و بیرکردنەوەن. (٦) دەپرسێ کام کەسی هۆشمەند ئامادەیە زانستەکەی خۆی بە نەزانێ بەخشێ، یان کام بیرکەرەوە و خاوەن بیر ئامادەیە ئەم کارە بکات و زانست و ئازادی و دین بە یەکەوە ببەستێتەوە؟

میل لە دەربرینی ئەم هەستەیدا بڕوایەکی تایبەتی هەبوو، هەروەها دورکەوتنەوە لە گەشبینی، کۆمەڵگە خۆی لە داتەپین و روخان نزیك دەکاتەوە، ئەگەر نا بە درێژایی مێژوو، ئەو کەسانەی کە توشی وەسوەسە و ئەفسون هاتون، هەموو بەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان دەخەنە ژێر پێ، لەپێناو سودخوازی خۆیان.

لە ستایشی ئازادیدا

بەو چەشنەی کە ئاماژەم پێکرد بەرجەستەترین و بەبایەخترین بڕوای میل هەمان ئەو بۆچوونەیە کە پاڵپشتی لە ئازادی دەکات، ئەو پێیوایە خۆشگوزەرانی و گەشبینی کۆمەڵگەیەك پەیوەستە بە گەشەسەندنی کەساپەتی و پێشکەوتن و بالایی فیکری تاکەکانی کۆمەڵگە، و کۆمەڵگەیەك تەنها لە شێوەیەکی لەم چەشنە دەگاتە ئازادی. هیچ شتێکی گرنگتر لەمە نییە، کەحکومەت بە گشتاندنی ئازادییە کەسیی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو دۆخانە فەراهەم بکات، کە هەموو کەس بتوانێ ئامادەییە شاراوەییەکانی خۆی لە خۆشگوزەرانی خۆیی و هاونیشتیمانانی دەربخات. میل بڕوای بە سێ جۆر ئازادی هەیە: ئازادی هزر، ئازادی زەوق و سەلیقە و ئازادی خربوونەوە یا کۆبوونەوە.(٧)

ئەو پێیوایە لەبەرئەوەی هەموو مرۆڤێ هەڵە دەکات، کەواتە هیچ کەس ئەو مافەی نییە کە بیرورای ئەوانی تر رەتبکاتەوە و دەرفەتی رادەربرین لەوانی تر بسەنێتەوە. هەموو بیروڕایەك لە دوو حاڵەتدا جێگیر دەبێت، یان لەگەڵ حەقیقەت تەبا و هاودەنگە، یان پێچەوانەی حەقیقەتە. ئەگەر حەقیقەتی نەیار لەسەر حەق بێ، ئەوا بە شاردنەوە خەفەکردنی نەك تەنها کەسی نەیارمان کوت و بەندکردوە. بەڵکو خیانەتپشمان لە تەواوی کۆمەڵگە و نەوەکانی داهاتو کردوە، بەلام ئەگەر بیروڕای نەیار پێچەوانەی حەقیقەت بێت و ئەگەریش ئێمە عەقڵی گشتی بین، دوبارە هەبوونی بیرورای نەیار پێویستە، چونکە «حەقیقەت» تەنها لە رێگەی بیرورا و بۆچوونە پێکدژەکانەوە دێتە کایەوە و تەنها لە ریگەی راگۆرینەوە و رەخنەوەیە کە کۆمەڵگە حەق لە ناحەق جیادەکاتەوە. «میل» کۆمەڵگە بە بەرەی جەنگ دەشوبهێنێ و پێیوایە ئەگەر لە بەرەیەکی وەها دوژمن بوونی نەبێ، ئەوا سەربازەکان بە هۆی کاتە بەتاڵەکانیانەوە توشی سستی دەبنەوە و هێزی خۆیان لە دەستدەدەن. دەرەنجامەکە دواجار ئەمە دەبێت، کە ئەگەر جەنگ رووبدات، ئەوا لەهەمانکاتدا توشی شکست دەبن و دوژمن سەردەکەوێ.

لە هەمان باردا «میل» ستەم تەنها لە ستەمی سیاسی لای حکومەت کورت ناکاتەوە، بەڵکو تەسلیم بوونی تاکەکانی کۆمەڵگە بە نەریتە ناراستەکانیش باسدەکات. پێیوایە نابێ ئێمە هەر فیکر و هزر و نەریتێك لە پێشینانی خۆمان ماوەتەوە بێ ئەمەلا و ئەولا پەسەندی بکەین، بەڵکو مرۆڤ دەبێت هەموو نەریت و رێورەسمەکان و هەموو بەها کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکان، لە زیهنی خۆمان هەڵبسەنگێنین و ئەوەی عەقڵی ئەو پەسەندی ناکات، دوری بخاتەوە یان پەراوێزی بکات.

ماوەتەوە بڵێین ئەو جگە لە کتێبی (دەزگای لۆژیك) سێ کتێبی گرنگی تری هەیە. یەکێکیان بە ناوی «پرەنسیپەکانی ئابوری سیاسی» کە لە کاتی بلاوبوونەوەی پێشوازییەکی زۆر بەرفراوانی لێکرا، و ئەویتریان بە ناوی «لەبارەی ئازادی» ، هەورەها خاوەنی کتێبی «چەند بیرکردنەوەیەك لەبارەی حکومەتی هەڵبژاردنی» و کتێبی «سودگەراییە». دواجار ئەم فەیلەسوفە مەزنە لە ساڵی (١٨٧٣)کۆچی دوابیکرد.

**پەراوێزەکان:**

١- فروغی :سیر حکمت در اوروپا-جلد دوم. لا١٢٨.
٢- همان کتاب، ص ١٤٥.
٣- دکتر محمود صناعی،ازادی فرد و قدرت دولت،ص ٢٤٥.
٤- سیر حکمت در اوریا، ص ١٣٠.
٥-ازادی فرد و قدرت دولت، ص ٢٤٧.
٦- همان کتاب، ص ٢٤٨.
٧/- همان کتاب ص ٢٥٣.

**سەرچاوە:**

روزنامه شرق، ١٣٨٥/٥/٣

ئاپیا والا
گۆڤارێکی فکرییە و مانگی جارێک دەردەچێت
ژمارە(٣٧)
شوباتی ٢٠١٣ ساڵی هەشتەم